خوێندنەوە

براکریتی گۆبتا

# پڵنگی سپی
# ئەو رۆمانەی هندی ترساند

و: نەوزاد مەدحەت






رۆمـــانی"پڵنگی ســـپی" کــە لەلایەن نووســـەری هندییـەوە "ئاراڤــیند ئەدیگا Aravind Adiga" نووســـراوە، بە هـۆی ئەو رۆمـــانەشـــەوە توانی خـــەڵاتی "مـــان بوکـــەر Man Booker"ی ئەدەبی ساڵی ٢٠٠٨ بەدەست بهێنێت.

پاڵەوانی رۆمانەکە ناوی "بالرام هالوای– Balram Halwai"ە، بە جۆرێک لە جۆرەکان چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە، کە خۆی لە خۆیدا چیـرۆکی ئەو کەلێنە ئابووری و کۆمـەڵایەتییـەی نێوان خـــەڵکی هـەژار و دەوڵەمـــەندە لە ئەمـــڕۆی هندســـتـاندا. ئەو جیاوازییە زۆرەی ئاستی ژیان رۆژ بە رۆژ زیاتر بیر و مێشکی "بالرام" دادەگرێ و ئەمەش هانی دەدا بیر لە کوشتنی خاوەن کارەکەی بکاتەوە، تاوەکو خۆی جێگەی بگرێتەوە.

نووسەری رۆمانەکە "ئەدیگا" لە رێی ئەو حەوت نامەیەی کە "بالرام" بۆ سەرۆک وەزیرانی "چین"ی رەوان دەکات کە بڕیارە سەردانی هندستان بکات، چیرۆکەکەمان پێ دەگەیەنێت.

"بالرام خـــۆی وەک خـــاوەنکار لە ناوچەی "بانگالۆر– Bangalore " دەناســـێنێ. لە نامەکانیدا دان بەکوشتنی خاوەن کارەکەی،"ئاشوک – Ashok" دەنێ کە بە شێوەیەکی زیرەکانە و سەرکەوتووانە دەیکوژێ.

"پڵنگی سپی" وردەکارییەکانی رابردووی ژیانی "بالرام هالوای" دەگێڕێتەوە. پڵنگی سپی نازناوی "بالرام هالوای"ە ، زیرەکـتـرین منداڵی لادێکە بوو، لە خـێـزانێکی زۆر هەژاردا دەژیا. خـێزانەکـەی بەهۆی نەدارییـەوە نەیانتـوانی خـەرجی قـوتابخـانەی بۆ دابـین بکەن، دواجار بە ناچاری لە قوتابخانە دەریان کرد. لە چێشتخانەیەک دەستی بە کارکردن کرد، کارەکەشی سڕینەوەی مێزەکان بوو لەگەڵ ئامادەکردنی خەڵوز.

هەلێک دێتە پێشـەوە بۆ "بالرام" ئەوکاتە کابرایەکی دەوڵەمـەند وەک شـوفێری خـۆی قبووڵی دەکات و هەر لەگەڵ خۆشی دەیبات بۆ نیودەلهی. بالرام چاوانی بە نیودەلهی و ئەو ژیانە تازەیە دەکرێتەوە، بەتایبەتیش بە گەڕەکی "گۆرگاون"ی دڵرفێن.

ئەم گۆڕانە سەرەتایەکی لەسەرخۆ دەبێت بۆ تێگەیشتن لە ژیانی دەوڵەمەند و هەژاران لە هندستاندا، بەتایبەتیش خاوەن کارەکەی کە لە کۆشکێکی گەورە ژیان بەسەر دەبات و چەندین خزمەتکاری تریشی هەن.

بالرام وەک شـوفێـرێک خـاوەن کـارەکـەی دەباتە سـەنتـەرەکـانی بازرگـانی و جـێگە




گرانبەهاکان. بەو بۆنەیەوە شارەزایی زیاتر دەبێ لەسەر ئەو دەوڵەمەندییە لە رادەبەدەرە و سەری سڕدەمێنێ لە خێرایی ژیان لە شارە گەورەکاندا. لە رێگەی کارکردنەکەشییەوە شوفێری تر دەناسێ و بە کۆوارە هەرزان بەهاکەیان ئاشنا دەبێ و ئەو تاوانی کوشت و کوشتارەی کە هەفتانە و بە پیلان بەڕێوە دەچێت. هەروەها دەبینێ خاوەن کارەکەی "ئاشوک" چۆن و بە چ شێوەیەک تەندەرەکان لەگەڵ وەزیرەکانی ئەو حکوومەتە گەندەڵەدا دەبەستێ.

"بالرام" هەست دەکات چەندین ملیۆن ئینسان لە هندستان هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەو باڵدارانەی کە خزێنراونەتە ناو قەفەسێکەوە نییە.

ئەو هەست بە داهاتووی خۆی دەکات و بەناچاریش تەسلیمی بووە. خەمی ژیان "بالرام " دەگەیەنێتە جێگەیەک لە بیرکردنەوە کە تەنیا رێگەیەک هەیە بیگەیەنێتە ئەوەی ببێتە بەشێک لەم هندییە تازە و سەرسڕهێنەرە، ئەوەش کوشتنی "ئاشوک"ی خاوەن کارەکەیەتی.

پڵنگی سپی وێنەیەکی ئابڕووبەرانەی نارۆمانسییانەمان لە هندستان دەخاتە بەردەست، کە وێنەیەکی ترسناک و راچڵەکێنەرانەیە. هەر لەو لادێیە هەژارنشینانەوە کە ژیان تێیدا هیچ یاسایەک نایگرێتە خۆی تا ئەو هێزە نوێیەی کە دەستی گرتووە بەسەر پارە و هێزدا.

لە هندستانی ئەمڕۆدا رێژەی زیادبوونی ملیۆنێرەکان بە رێژەیەکی زۆر زیاتر دەچێتە پێش لە چاو شوێنەکانی تری جیهاندا. بە گوێرەی کۆواری "فۆربێس– forbes " کە لیستێکی لە ناوی ملیاردێرەکانی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٨دا بڵاو کردەوە. ٥٣ ملیاردێر لە هندستاندا هەیە، ئەوەش بە بەرزترین ژمارە لە کیشوەری ئاسیادا دەدرێتە قەڵەم. بە پێی بۆچوونەکانی کۆواری فۆربێس وا چاوەڕوان دەکرێت لە ١٠ ساڵی داهاتوودا ژمارەی ملیاردێرەکانی هندستان زۆر زیاتر بن لە چاو شوێنەکانی تری جیهاندا.

گەشەی بەرچاوی ئابووری هند کە لە ٨٪، وای لە ملیۆنێر و خاوەن بازاڕەکانی ئەو وڵاتە کردووە، پێشبڕکێی بازاڕەکانی لەندەن و نیویۆرک و مۆسکۆ بکەن. لە دەستەکەی تریشدا خەڵکانێکی زۆر، هیچ بە شێکیان نییە لە چوونە سەرەوەی داهاتی وڵاتدا. خەڵکانی زەحمەتکێش و پشتگوێخراو و کۆیلە کەمایەتی نین ، بەڵکو رێژەیان بە ملیۆنەها کەس دێنە ژماردن.

له هندستاندا ٤٠٠ مليۆن كەس ژيانی رۆژانەیان بە دۆلارێک یان کەمتر لە دۆلارێک بەرێوە دەچێت. راستییەکەی ئەمانە وێنەی راستەقینەی هندستانن کە " بالرام هالوای" پاڵەوانی رۆمانی "پڵنگی سپی" لە خۆیدا دەینوێنێ. ئەم دوو هندستانە لە پەنای یەکتردان، هندستانی سەرکەوتوو و هندستانی تاریکستان.




هەژارانی شار لە هەژارە کۆچکردووەکانی لادێن. ئەمانە نەهاتوون وەک جووتیار یان کرێکار، بەڵام لەو نێوەندەدا کاری خزمەتکاری یان کاری دەستی دەکەن. بە هۆی ئەو بارودۆخەوە هەست دەکرێ، هندستان لە دوو ئەستێرەی جیاواز دەچێ، لە هەریەکێکیاندا شێوەی ژیان جیاوازی هەیە، ئاستی گوزەران جیاوازە، پلەی جیاواز هەیە لە نیگەرانی و گەیشتن بە ئارامی و خۆشگوزەرانی باجی خۆی دەوێ. لە ئاکامی ئەو گەشە ئابوورییەدا چینێکی ناوەند دروست بووە و خولیایەکی شێتانەی هەیە، بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن و گەیشتنە ریزەکانی سەرەوە جا بە هەر نرخ و کارێک بێت. لاوان دژایەتی داوونەریتی کۆن دەکەن و خەڵکانی بەتەمەنیش داماون لە بەرامبەر ئەو گۆڕانە گەورانەی کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەبەر یەک هەڵوەشاندووەتەوە کە چەندین سەدەیە خەڵکی پێوەی پێوەستن.

"ئاراڤیند ئەدیگا" تەمەنی ٣٣ ساڵە و پەیامنێری کۆواری تایم بوو، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ کەناڵەکانی راگەیاندنی وڵاتەکەیدا دەڵێ: "هەست بە لەدایکبوونی بێزارییەکی نوێ دەکەم لای خەڵک، ئەوەشم لە ئاکامی ئەو گەڕانانەم بە وڵاتدا بەدی کرد لەو کاتانەی کە بۆ کۆواری "تایم" دەنووسی. میدیای هندی چەقی بەستاوە لە تیشک خستنە سەر دابەشکردنێکی سنوردار وەکو جیاوازی ئاینی نێوان هندۆس و موسڵمانەکان یان دابەشکردنی تیرە و هۆزە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام دابەشکردنێکی نوێ لەوێ دروست بووە، هەرچەندە زۆر سەرەتاییە، بەڵام لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەندەکاندا دابەشبوونێکی چینایەتییە. دەبێ دان بەم کێشەیەدا بنێین و هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین. بۆیە پێدەچێت هەژاران زۆر بێزار و تووڕە بن لە ئاکامی ئەم بارودۆخەدا".

هەروەها " ئەدیگا" لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ" من ژیانی هەژارانی هندستان لەم رۆمانەدا ناخەمە روو، ئەوان نەبینراون یان لە شێوەی کەسایەتییەکدا دەخرێنە روو.




لەم وڵاتەدا شتێکی سەرنجڕاکێش هەیە، ئەوەش بوونی خزمەتکارە. کەسێک لە چینی ناوەندی دەتوانێ سێ تا چوار خزمەتکاری هەبێ. ویستم چیرۆکی خزمەتکارێک بنووسم کە شتێکی جیاواز دەکات، بەڵام دڵنیا نەبووم لەگەڵ نووسینەکەدا و هەستم دەکرد بە شێوەیەک لە شێوەکان تەمسیل دەکەم. من بەشێکم لە چینی ناوەندی بۆیە هەستەکانیشم جۆراوجۆرن، من بەشێکم لەوەی هێرش دەکەمە سەری.

لە نامەکانی"بالرام" بۆ سەرۆک وەزیرانی چیندا باس لە خزمەتکارەکان دەکات لە نیودلهی کە چۆن لە ناهەموارترین شوێنی ژێر زەمینی ئەو تەلارانەدا ژیان دەگوزەرێنن کە رووەکانیان یەکپارچە شووشەن و خاوەن کارەکانیان تێیدا ژیان دەگوزەرێنن. هەروەها سەرۆک وەزیرانی چین ئاگەدار دەکاتەوە کە چۆن بنەماڵەی ئاشوک بەرتیل دەدەنە وەزیرەکان، وە چۆن تەزویر لە هەڵبژاردنەکاندا دەکرێت. ئاشوک هەمیشە هەست بە تاوان دەکات لە ئاکامی رەفتارەکانی خۆی سەبارەت بە "بالرام"، بەڵام گفتوگۆیە نەرمەکانی هەرگیز ناچێتە خانەی کردارەوە. لە بەشێک لە رۆمانەکەدا ئەو بۆچوونە سەبارەت بە ئاشوک رۆشن دەکاتەوە، کە هەر لە زمانی"ئاشوک"ەوە دەڵێ «ژیانی هەژارەکان بەتەواوی جیاوازە، برۆ بۆ دلهی کۆن و بروانە چۆن مریشکەکان لە بازاڕدا هەڵدەگرن، سەدان مریشک و کەڵەشێری پەڕ رەنگاوڕەنگ پەستراونەتە ناو قەفەسە تەلەکانەوە، بە چاوی خۆیان پارچەی لەشی هاوەڵەکانیان دەبینن کە چییان بەسەردێت، سوریش دەزانن نۆبە دێتە سەر خۆشیان کە چی هەر ناتوانن یاخیبوونی خۆیان رابگەیەنن و لە قەفەسەکانیان دەربچن. هەمان شێوەش بەسەر مرۆڤەکان دێت لەم وڵاتەدا». لە هندستاندا جیاوازی نێوان چینەکان بە رۆشنی دەردەکەوێت کاتێ پاڵەوانی رۆمانەکە "بالرام هالوای" تووشی حەپەسان دەبێت لە کاتی سەردانیکردنیدا بۆ نێوەندی بازرگانی، ئەو جێگەیەی تەنیا دەوڵەمەندەکان بە خواستی خۆیان بۆی دەچن، راستییەکمان بۆ دێنێتە پێشەوە وەک ئەوەی "زۆر نزیکە..... بەڵام زۆریش دوورە" ئەمە "بالرام"ە لە نێوەندی بازرگانی، بەڵام ناتوانێ هیچ شتێک بکڕێ، گوزەران و ژیانی نەگۆڕاوە،نەبووەتە هاووڵاتی و تا ئێستاش هەر خزمەتکارە.

لە کۆتاییدا کە خۆی دەناسێتەوە هەوڵ دەدات بەسەر ئەو داڕووخانەی کە لە ناخەوە بەسەریدا هاتووە زاڵ بێت کە وەکو لاساییکردنەوەیەکی خاوەن کارەکەی چووە ئەو ناوەندەوە.




لە چوونە ژوورەوەیدا کراسێکی سپی لەبەرکردبوو نەک جلی باو یان ئەو جلە رەنگاورەنگانەی کە خزمەتکارەکان لەبەری دەکەن.

ئەگەر بالرام سەرکەوێ بۆ چینە باڵاکانی کۆمەڵگە یان نا، شتێک لەو راستییە ناگۆڕێت کە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتەدا، هەروا دەکرێ زۆر بە ئاسانی ئەو جیاوازییانە ببینرێ لە شارە گەورە و بچووکەکاندا، و تەنانەت لە شارۆچکەکانیشدا.

زانای کۆمەڵناسی هندی"Anil Mathur" دەڵێ «دەبێ هەموو کەس بەهرەمەند بێت لەم گەشەکردنەی ئەمڕۆ. بەڵام لە هندستاندا بە پێچەوانەی ئەمەوەیە، ملیۆنەها کەس لە ژێر پلەی هەژاری کوشندەدا دەژین، بەڵام خەڵکانێکی تریش لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدان. ئەم جیاوازییە گەورەیە رقێک دروست دەکات کە زۆر جار ئەنجامی توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە. خەڵکانێکی زۆر خوازیارن بەشیان هەبێت لەم گۆڕانە بەرچاوەدا. لە وڵاتێکی دیموکراتی وەکو هندستاندا، زۆر جار ئاژاوە و هەرای سیاسی لەسەر زۆر کاری سادە و بچووک لێدە کەوێتەوە، ناکرێت خواست و ئاواتەکانی ئەو هاووڵاتییانەی لەم پێشبڕکێ ئابوورییەدا بە جێماون پشتگوێ بخرێت». "پڵنگی سپی" ئەو رۆمانەیە دەتوانێ ویژدانی هەموو ئەو کەسانە بهەژێنێ کە ئەگەر بۆ یەک جاریش بیر بکەنەوە کە چۆن پسوولەی یەک ژەم خواردنیان دەکاتە پارەی نیو مانگی خزمەتکارەکانیان.

ئەدیگا وای کرد زۆر کەس بیر لەو بارودۆخە بکەنەوە، سەرباری ئەو وێنە جۆرا و جۆرانەی هندستان لە بەرز خۆزگە و ئاوات و نائومێدی کە لە خۆی دەگرێت.

ئەم رۆمانە بە تەنیا تیشک ناخاتە سەر ئەو کەلێنە ترسناکەی نێوان چینە دەوڵەمەندە نوێیەکانی وڵات و هەژارانی کەنار کەوتوو، بەڵکو تیشکیش دەخاتە سەر ئەو رەفتار و هەڵسوکەوتە ترسناکانەش کە لە ئاکامی ئەو کەلێنە چینایەتییەوە دێتە کایەوە.

بالرام بە خۆڕسک کەسێکی مرۆڤکوژ نییە، بەڵام ناچاربوو دەست بۆ کوشتن بەرێت، ئەم ئاکامە زۆرێک لە خەڵکی هندستان خوازیار نین ئەم کەلێنە ببێتە مایەی پێکدادانی کۆمەڵایەتی، ئەمە دوایین کارێکە هندستان پێویستی پێی هەبێت، چونکە چارەسەری هیچ ناکات، یارمەتی "بالرام" نادات و "ئاشوک"یش بەرەو ژیان ناگەڕێنێتەوە.

سەرچاوە: جريدة الحياة العدد٣٥٠